بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بڕیار
# ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٠٩

بە پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) لە ١٥ /٢٠٠٩/٤ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩

پشت بەستن بە حوکمی ماددەی (٥٦) بڕگەی (٣) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو ماددەی (دەیەم) بڕگەی (دووەم) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران. پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٥ی خۆیدا، بڕیاردرا:–

**یەکەم:** بەدەر لەحوکمی ماددەی (دەیەم/ دووەم) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو دەسەڵات بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق دەدرێ کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق دیاری بکات و بانگهێشتی بۆ بکات پاش تەواو بوونی پێداویستیە کردەتییەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە.

دووەم: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

سێیەم: ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانــــی**

**سەرۆکـــی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٢/ گوڵان/ ٢٧٠٩ ی کوردی**

**٢٦/ ربیع الثانی / ١٤٣٠ ی کۆچی**

**٢٢/نیسان / ٢٠٠٩ ی زایینی**

## هۆیەکانی دەرچوواندنی

لەبەر نەبوونی پێدایویستیە پێویستیەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا کە وای کرد ماوە یاساییەکە بۆ بانگهێشت کردن بۆ ئەنجامدانی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە تێپەڕێت. بۆیە ئەم بڕیارە دەرکرا.